# چۆنیەتی نوێژکردن و ڕۆژوو گرتن لەو وڵاتانەی کە شەوڕۆژیان جیاوازن

[ کردي – کوردی – kurdish ]


**ڕەنج شێخانی**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**



2013 - 1434

IslamHouse.com

# كيفية الصلاة والصوم في البلاد التي يتمايز فيها الليل من النهار

« باللغة الكردية »

رنج شيخاني

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# چۆنیەتی نوێژکردن و ڕۆژوو گرتن لەو وڵاتانەی کە شەوڕۆژیان جیاوازن

پاش ئەوەی سەردانی یەکێك لە وڵاتانی ئەسکەندەنافیام کرد هەستم کرد زۆرێك لە مسوڵمانانی نیشتەجێی وڵاتانی ئەسکەندەنافیا لە ڕۆژ ئاوا وەك (سویدو،نەرویج و،فنلەندا) کە لەهاویندا ڕۆژەکانی درێژەو لەزستانیشدا شەوەکانی درێژ، ساڵانە لەکاتی نوێژەکانیاندا بەگشتی و ڕۆژووی مانگی ڕەمەزاندا بەتایبەتی، توشی گرفت دەبنەوە سەبارەت بە چۆنیەتی ڕۆژوو گرتنیان و،توشی ڕاجیای دەبنەوە، هەربۆیە بەپێویستم زانی کەوا توێژینەوەیەکی شەرعی لەو بارەیەوە بڵاو بکەمەوە، تا چیتر مسوڵمانانی کوورد زوبان خۆیان بپارێزن لە ڕاجیایی، سەبارەت بەگرتنی ڕۆژووەکانیان، وە بەپشتیوانی خوای گەورە هەوڵ دەدەین لەڕوانگەی شەرعەوەو بەبەڵگەکانی قورئان و سوننەت بەتێگەشتنی زانایانی پێشین، بەڵگەکان بخەینە ڕوو إن شاء الله.

دیارە هەروەك خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی:

﴿وَلَقَدْ صَرَّفْنَا فِي هَٰذَا الْقُرْآنِ لِلنَّاسِ مِنْ كُلِّ مَثَلٍ ۚ وَكَانَ الْإِنْسَانُ أَكْثَرَ شَيْءٍ جَدَلًا﴾

[الكهف/ ٥٤]. واتە: سوێند بە خوا بێگومان ئێمە لەم قورئانەدا لە هەموو جۆرە نموونەیەکمان هێناوەتەوە بۆ خەڵکی (تا پەندو

ئامۆژگاری لێ وەربگرن) لە کاتێکدا ئینسان لە هەموو شتێك زیاتر موجادەلە دەکات و لە شت دەکۆڵێتەوە.

ئەم ئایەتە پیرۆزە بەڵگەی زۆرمان پیشان دەدات کەوا بێگومان لەقورئاندا هەموو نمونەیەکی تێدا باس کراوە، بەڵام ئەوە نەشارەزایی و نەزانینی مرۆڤەکانە کە زۆر لەسەر باسەکان دەڕۆن و موجادەلە دەکەن و ، بەتایبەتی لە بابەتە فیقهیەکاندا بەپێی بۆچونی ئەقڵیان فتوا دەدەن !.

کەوا بوئێمە دەبێت دڵنیابین لەوەی کەخوای گەورە ، لەقورئاندا هەموو شتێکی بۆباس کردوین، بەڵام شەرت نییە کاتێك خۆمان قورئان دەخوێنینەوە ، کە بەدوای بابەتێکدا وێڵین و نایدۆزینەوە، ئیتر باس نەکرابێت!،ئەمە یەکێکە لەو کێشانەی کە بەرۆکی مسوڵمانانی گرتوە کە بەبێ گەڕانەوەمان بۆ لای زانایان و شارەزایانی بواری تەفسیری قورئان ،یان سەرجەم باسەکانی تری شەرع، خۆمان بڕیار دەدەین، یان شوێن فتوایەکی ئاسانی ئارەزو مەندانە دەکەوین کە لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی خۆماندا یەك بگرێتەوە، کەدیارە ئەوکەسەی لەسەر هەواو نەفسی شوێن فتوایەك بکەوێت دەکەوێتە ناو گێژاوەوە، بەڵکو دەبێت لە باسێکی خیلافیدا لەبابەتە فیقهیەکان ، هەردوو ڕای جیاوازوەرگیرێت و بیخوێنینەوەو هەڵسەنگاندنیان بۆبکرێت لەڕوانگەی شەرعەوە سەیری ڕاکان دەکرێت و هەرکامیان نزیك بوو لە کیتاب و سونەتەوە ئەوا

لەڕێی زانایانی شارەزا لەو بابەتەدا بڕیار بدرێت لە جێ بەجێکردنی فتواکەدا نەك ئەوی لەگەڵ ئەقڵمان گونجا وەری گرین و ئەوی پێچەوانەبوو ڕەتی کەینەوە!.

لێرە بەدواوە دێینە سەر باسی چۆنیەتی نوێژ کردن و ڕۆژووگرتن لەو وڵاتانە:

سەرەتا دەبێت ئەو بزانین کەوا نوێژکردن و ڕۆژوو گرتن لەشەرعی خوادا ، کاتیان بۆ دیاری کراوە، وەك لەچەندین ئایەت و فەرموودەدا ئاماژەیان بۆکراوە.

یەکەم: سەبارەت بەنوێژکردن:

خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿أَقِمْ الصَّلَاةَ لِدُلُوكِ الشَّمْسِ إِلَى غَسَقِ اللَّيْلِ وَقُرْآنَ الْفَجْرِ إِنَّ قُرْآنَ الْفَجْرِ كَانَ مَشْهُودًا﴾ [الإسراء/٧٨]. واتە:ئەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، ئەی ئیماندار: نوێژ ئەنجام بدە کاتێك خۆر نیوەی ئاسمان بەجێ دەهێڵێت (ئاماژەیە بۆ نوێژی نیوەڕۆو عەسر) لە تاریکی شەویشدا نوێژی (مەغریب و عیشا) ئەنجام بدە، نوێژی بەیانیانیش (کە زۆر قورئانی تێدا دەخوێنرێت فەرامۆشی مەکە) بەڕاستی قورئان خوێندنی نوێژی بەیانی دەبینرێت (لە لایەن فریشتەکانیشەوە).

یان لەشوێنێکی تردا خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿...إِنَّ الصَّلَاةَ كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ كِتَابًا مَوْقُوتًا﴾ [النساء/١٠٣]. واتە: بەڕاستی نوێژ لەسەر ئیمانداران فەرزە لەکاتی دیاریکراودا دەبێ ئەنجام بدرێت.

لەم دوو ئایەتەوە بۆمان ڕون دەبێتەوە کەوا کاتی پێنج فەرزەکانی نوێژ لەلایەن خوای گەورە بۆ خۆی دیاری کراون کەوا دوو نوێژیان لە ڕوناکیدایەو سیانیشیان لەتاریکی و بۆ هیچ کەسێك نییە لەمسوڵمانان بە ئارەزو مەندانەی خۆیان فەرمانەکانی خوا جێبەجێ بکەن و، دەبێت بەپێی ئەو ڕێنماییانە بەڕێوە بڕۆن کە بۆیان دیاری کراوە لەقورئان و سوننەتدا!.

وە لەفەرموودە صەحیحەکانی پێغەمبەری خواشدا(صلی الله علیە وسلم) ئاماژە کراوە بەوەی کەدەبێت نوێژەکان لەکاتی خۆیاندا ئەنجام بدرێن ، دیارە ئەم فەرمایشتەشی بەووتەو کردەوە ئەنجامداوە لەگەڵ هاوەڵانی بەڕیزی داو زانایانی کۆن و نوێش ، بەو شێوەیە نوێژەکانیان ئەنجام دەدەن و دەبێت ئێمەش لەسەر ئەو ڕێگەیە بین.

دووەم: سەبارەت بەڕۆژووگرتن:

وە سەبارەت بە ڕۆژووگرتنیش دەبێت ئەوکەسەی کە بەڕۆژوو دەبێت هەر لەسپێدەی بەیانەوە تاکاتی خۆر ئاوابوون ، خۆیان بگرنەوە لەخواردن و خواردنەوە ، ئەمەش فەرمانی خوای گەورەیە کەدەفەرموویێت: ﴿وَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الْأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الْأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ ثُمَّ أَتِمُّوا الصِّيَامَ إِلَى اللَّيْلِ﴾ [البقرة/١٨٧]. واتە: دەسا بەدرێژایی شەوگار بخۆن و بخۆنەوەو، بچنەلای خێزانەکانتان ،هەتا ئەوکاتە هەودای سپیایی دەمەوبەیان لەنێو هەودای ڕەشی شەو لەرۆژهەڵاتەوە دەردەکەوێ و جیائەبێتەوە.

ئیمامی (بوخاریی) ئەڵێ: ئەوانەی وا ئەیانویست رۆژوو بگرن تاڵە دەزوویەکی سپی یان بە قاچێکیانەوە دەبەست و، تاڵێکی رەشیش بە قاچەکەی تریانەوە، ئیتر تا ئەوانەیان لێك جیانەکردایەتەوە دەستییان لەخواردن هەڵنەئەگرت، ئەوسا بۆروونکردنەوەی ئەم کارە ئەو ئایەتە هاتوو، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) تێی گەیاندن کە: مەبەست هەوداو رشتەی شەوو رۆژە، نەك دەزووی سپیی ورەش.

کە مەبەست لە ڕوناك بونەوەی لای بەشی خۆرهەڵاتەو کەمێك ڕوناك دەبێتەوەو کەهێشتا لەبەشی خۆرئاوا ئەستێرە دیارەو تاریکە ، ئەویش کاتێك کە نوێژی بەیانی دەکرێت ئەو جیابونەوەی تاریکایی و ڕوناکیە دەبینرێت، والله اعلم.

جا لێرەوە ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە کەوا ئەگەر وڵاتێك شەوڕۆژی لێك جیاببێتەوە ئەگەر بەچەند سەعاتێکی کەمیش بێت ، دەبێت ڕۆژگارەکەی چەندێك درێژیش بێت هەر بەڕۆژوو بین تیایدا!.

بەم شیوەیەی خوارەوە لەڕێی چەند خاڵێکەوە بەپشتیوانی خوای گەورە چۆنیەتی ڕۆژووگرتنەکان ڕون دەکەینەوە:

١. ئەگەر کەسێك پرسیار بکات و بڵێت: ئاخر چۆن شتی وادەبێت کێ ئەو توانایەی هەیە؟ئەو هەموو کاتە بەڕۆژوو بێت؟ ، یان کەسێك نەخۆش بێت، ئەوا ئێمەش دەڵێین بەپشتیوانی خوای گەورە ،ئەوکەسە دەتوانێت ڕۆژووەکەی نەگرێت و لەکاتێکی تری ساڵدا ڕۆژووەکەی بگرێتەوە! بەپێی بەڵگەکانی قورئان و سوننەت، ئەوەتا خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت : ﴿...فَمَنْ شَهِدَ مِنْكُمْ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ وَمَنْ كَانَ مَرِيضًا أَوْ عَلَى سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ وَلِتُكْمِلُوا الْعِدَّةَ...﴾ [البقرة/١٨٥]واتە: ئینجا ئەوکەسەشتان نەخۆش و لەش بەبارە، یا لەسەفەرەو ڕێبوارەو، ڕۆژووەکەشی دەبێ لە ڕۆژانی دیکەدا، چەند ڕۆژێکی تر بەقەزا بگرێتەوە خوا ئاسوودەیی و کارئاسانی ئێوەی دەوێ و لەئەنجامدانی

فەرزەکاندا، نایەوێ بکەونە تەنگیی و نارەحەتیی ودەیەوێ بەئاسانی رۆژووی ئەوماوە تەواوبکەن.

یان لەشوێنێکی تردا دەفەرموویێت: ﴿لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا﴾ [البقرة/٢٨٦] واتە: هەرچەندە خوا لە خەیاڵ وخەتەرەی دڵ و دەروون، دەپرسێتەوە ، بیشارێتەوە 'یان دەریخاو بیخاتە روو'.. بەڵام لە گەڵ ئەوەیشدا – بەدەر لەتوانا- تەکلیف و ئەرکێ ناخاتە سەرشانی هیچ کەسێك ، وەهەروەها لە شوێنێکی تردا دەفەرموویێت : ﴿وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ﴾ [الحج/٧٨]واتە:شیاوی باسە لەم دینەشدا، هیچ جۆرە شتێکی نارەواو قورسی نەخستۆتە سەرشانتان، تا ئێوە نەتوانن ئەنجامی بدەن، واتە: بڕیاری هیچ شتێکی بەسەرتانا نەداوە کەلە توانای خۆتاندا نەبێت، نە هەر ئەوەندە بەڵکو وەکو پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمویێ: «بُعِثْتُ بالحنيفية السَّمْحَةِ » بەرنامەی ئەو ئایینە هەموو کار ئاسانییەکی تێدایە (ئیمام ئەحمەد، ڕیوایەتی کردووە).

لەم ئایەت و فەرموودە پیرۆزانەوە ئەوەمان بۆ دووپات دەبێتەوە کەوا، ئەم ئاینە پیرۆزە وەڵامی هەموو پرسیارێکی تێدایەو قورسایش ناخاتە سەر شانی شوێنکەوتوانی و ئاسانکاری بۆ کردوون لەجێبەجێ کردنی سەرجەم عیبادەتەکاندا، وە هەر تاکێکی مسوڵمان توانای نەبوو، ئیتر

لەبەر نەخۆشی بێت یان هیلاك بون و لاوازیی لاشەیی ، ئەوا دەتوانێت ڕۆژووەکەی هەڵگرێت بۆ کاتێکی تر لەساڵدا،بەڵام دەبێت نوێژەکانی لەکاتی خۆیدا بکات، بەپێی ئەوکاتەی کەدیاری کراوە و، مادەم شەو ڕۆژی لێك جیا دەبێتەوە ، وە تەنها ڕۆژووەکانی دەخاتە کاتێکی تر،خوای گەورەش زاناترە.

٢. کۆمەڵێکی تر دەپرسن ئەی باشە ئەگەر کەوتینە ناوچەیەك کەوا بەهیچ شێوەیەك شەو ڕۆی لێك جیا نەدەکرایەوە، وەك ئەو ناوچانەی کە شەش مانگ شەوەو شەش مانگ ڕۆژن؟

بۆ ئەمەشیان دەڵێین: بەپشتیوانی خوای گەورە کەوا لێرەدا دەگەڕێینەوە بۆ سەر فەرموودە پیرۆزەکەی پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) سەبارەت بە هاتنی دەجال کە هاوەڵانی پرسیاری مانەوەی دەجالیان لێکرد لەسەر زەوی داو ئەویش فەرمووی: « أَرْبَعُونَ يَوْمًا ، يَوْمٌ كَسَنَةٍ ، وَيَوْمٌ كَشَهْرٍ ، وَيَوْمٌ كَجُمُعَةٍ ، وَسَائِرُ أَيَّامِهِ كَأَيَّامِكُمْ . قُلْنَا : يَا رَسُولَ اللَّهِ ، فَذَلِكَ الْيَوْمُ الَّذِي كَسَنَةٍ أَتَكْفِينَا فِيهِ صَلَاةُ يَوْمٍ ؟ قَالَ : لَا ، اقْدُرُوا لَهُ قَدْرَهُ» [رواه مسلم (٢٩٣٧)] . واتە: فەرمووی: چل ڕۆژ لەسەر زەویدا دەمێنێتەوە، ڕۆژی یەکەمی وەك ساڵێکەو، ڕۆژی دووەمی وەك مانگێکەو، ڕۆژی سێ یەمی وەك هەفتەیەکەو، باقی ڕۆژەکانی وەك ڕۆژەکانی ئێوەی لێ دێتەوە، هاوەڵانی بەڕێز ووتیان: ئایا ئەو ڕۆژەی کەوەك ساڵێکە ئێمە تەنها نوێژی یەك ڕۆژی تێدا بکەین، واتە(پێنج

فەرزەکە)؟ئەویش فەرمووی: نەخێر بەڵکو کاتی شەو ڕۆژێك هەژمار بکەن و بەو شێوەیە نوێژەکانتان بکەن.

کەوا بوو لەم فەرموودەیەوە ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە کەوا ئەو مسوڵمانانەی کە لەوناوچانەدا نیشتەجێن شەو ڕۆژیان ، لێك جیا نابێتەوە ئەوا بۆ خۆیان دەتوانن ٢٤ کات ژمێر دیاری بکەن و ١٢ کات ژمێر بۆ ڕۆژو ١٢ کات ژمێر بۆشەو بەو پێ یە کاتی نوێژەکان و ڕۆژوو گرتن دیاری بکەن، یان دەتوانن لەگەڵ نزیکترین وڵاتدا کە کاتی شەو ڕۆژی دیارە بەو مەرجەی کە مسوڵمانان لەکاتی غەزاکاندا، گەشتبێتنە ئەو وڵاتەو ڕزگاریان کردبێت بەڕۆژوو بن،یان هەندێکی تر لەزانایان دەڵێن: باشتر وایە لەگەڵ کاتی شاری مەککەو مەدینەدادا نوێژو ڕۆژووەکانیان ئەنجام بدەن، چونکە شاری مەککە قیبلەی مسوڵمانانی لێ یەو مەدینەش پایتەختی دەوڵەتی ئیسلام بوو لەڕابردوودا،وە شاری مەککە ،ناوەڕاستی گۆی زەوی یەو کاتی شەوڕۆژ لەوێ سالانە وەك خۆی وایە.

وە لەهەندێك ناوچەدا هەندێك کات چەند ڕۆژێك بەردەوام ڕۆژە لەهاویناو بەردەوام دەبێتە شەو لەزستاندا و ، دواتر کاتەکان وەك خۆیان لێدێتەوە ووردە ووردە، دەکرێت ئەوخەڵکەش پرسیار بکەن کەوا ئەی ئەگەر مانگی ڕەمەزان کەوتە ئەو کاتانەوە ئێمە چی بکەین؟

بۆ ئەوانیش بەهەمان شێوەی خاڵی دووەم تا ئەوکاتەی شەو ڕۆژیان لێك جیا دەبێتەوە دەتوانن ، بەو شێوەیە نوێژو ڕۆژووەکانیان ئەنجام بدەن ، بەڵام بەو مەرجەی هەرکات شەوڕۆژیان لێك جیا کرایەوە ، ئەوا دووبارە دەبێت بڕۆنەوە سەر کاتی خۆیان، والله اعلم.

چەند ئامۆژگاری یەك بۆ برایان و خوشکانم لەو ولاتانە:

١. هەندێك کەس ڕۆژوو لەگەڵ ولاتێکی مسوڵمانان دەگرێت و بەڵام نوێژ بەکاتی ئەو شوێنە دەکات ، کە تیایدا نیشتە جێ یە!، ئەمەش خیلافی کیتاب و سوننەیەو مادەم ناوچەکەت شەو ڕۆژی جیا دەبێتەوە ، گەر بۆ چەند سەعاتێکی کەمیش بێت دەبێت ، ڕۆژووەکەشت هەروا بێت، گەر نەتوانی بەڕۆژوو بیت ئەوا دەیخەیتە کاتێکی تری ساڵ.

٢.دەتوانرێت لەو شوێنانەی کە دوو سەعات یان زیاتر شەوەو، وە دەبێت سێ نوێژی تێدا ئەنجام بدرێت و بەربانگیش بکرێتەوەو پارشێویشی تیا بکرێت، دەتوانرێت لەمزگەوتدا بە کۆمەڵ نوێژی تەراویح ئەنجام نەدەن و لەماڵەوە بیکەن ، چونکە نوێژی تەراویح بۆ خۆی سوننەتەو، لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا(صلی الله علیه وسلم) دوو شەو لەخزمەتی هاوەڵانیدا بە کۆمەڵ کردویەتی و دواتر لەبەر ئەوەی نەبێتە واجب لەسەر ئوممەت وازی لێهێناوە، بەڵام دواتر لەسەردەمی

ئیمامی عمردا (خوای لێ رازیبێت) ئەم نوێژە کرا بە کۆمەڵ و خەڵکی لەپشت ئیمامێکەوە، کۆکردەوەو تائێستاش هەربەردەوامەو، ئوممەتی ئیسلام لەسەر سوننەتی ئیمامی عمر ئەو نوێژە لەمزگەوتەکان بەکۆمەڵ ئەنجام دەدەن، ئەم بۆچونەش بۆ هەموو کاتێك نیە بەڵکو بۆ ئەوکاتانەیە کە شەوگار کوورتە تیایدا، واللە اعلم.

٣. دەکرێت لەوکاتانەدا  یەك ژەم خواردنی باشی تیادا بخورێت وبەرنامە ڕێژیەکی باش بکرێت بۆ ئەو چەند کات ژمێرەو خۆ سەرقاڵ نەکەین، بەشتی بێ سودەوە و کاتێك بەخۆمان بزانین کاتمان لەبەردەست دا نەماوە.

٤. باشتر وایە میوانداری و شەونشینی زۆر نەکرێت لەوکاتانەدا بۆ ئەوەی ، کاتی خاوەن ماڵی تێدا نەخورێت و ، چونکە پیدەچێت خێزانی ئەو ماڵەش بۆ خۆی بەڕۆژوو بو بێت و ماندوو بو بێت و  لەو چەند سەعاتە کەمەشدا فریای هیچ نەکەوێت، ئەگەر خواردنیش کرا باشتر وایە ، بدرێت بە کەسەکان و لەماڵی خۆیاندا بەربانگ بکەنەوە، واللە اعلم.

٥. دڵنیابن هەرکەس نیەتی ڕەزامەندی خوا بێت ئەوا خوای گەورە بۆ خۆی یارمەتی دەدات و پشتیوانیەتی ، ڕاستە چاو دەترسێت بەڵام ، هیممەتتان بەرز بێت ، دڵتان خۆش بێت بە

پاداشتی دواڕۆژتان کە تەنها ڕۆژووە بۆ خوای گەورەو خۆشی دەزانێت چۆن پاداشتی ڕۆژوەوان دەداتەوە.

٦. ڕۆژەکانتان بە خواپەرستی و قورئان خوێندن و زیکرو گوێگرتن لە ووتارو بەرنامەی شەرعی بەسەر بەرن و زۆر وەرزش مەکەن کە خۆتان ماندوو بکەن و توانای ڕۆژوو بونتان نەبێت.

لەکۆتاییدا : پەیامێك ئاڕاستەی سەرجەم زانایان و مامۆستایان و بانگخوازانی میللەتی کوورد دەکەم، لەهەرێمی کوردستان، کاتێك برایەك یان خوشکێك پەیوەندیتان پێوە دەکات سەبارەت بەڕۆژوو گرتن لە ولاتانی ئەسکەندەنافیەوە ، تکایە وەلامیان مەدەنەوە بەبێ شارەزا بوون لە جوگرافیاو واقیعی ئەو ولاتە، داوایان لێبکەن کەوا پرسیار لە شارەزایانی ولاتەکەی خۆیان بکەن، نەك بەداخەوە وەك هەندێك مامۆستا لەدوورەوە بە بێ شارەزایی ئەو ولاتانە وەلامی پرسیارەکان دەدەنەوەو دواتر کێشەو دووبەرەکی دەکەوێتە نێوان مسولمانانی ئەو ولاتانەو بەرپرسیاریەتی دواڕۆژیش لە ئەستۆی ئەو مامۆستایەدایە کە وەلام دەداتەوە.

خوای گەورە ئەم بابەتەمان بۆ بکاتە توێشوی دواڕۆژمان و هەڵەکانی هی خۆمەو داوای لێبوردن لەخوادەکەم لەسەری ،وە

ڕاستەقینەش لای خوای گەورەوەیەو ، خوا زمانمان پاراو بکات بۆ خزمەتی دینەکەی.

سودم وەرگرتووە لەفتوای زۆرێك لەزانایانی وڵاتانی مسوڵمان و زانایانی نیشتە جێی ئەوروپا، لەوانە شێخ إبن بازو شێخ عثیمین و شێخ أبو ئیسحاقی حوەینی و دکتۆر عمر عبدالکافی و ئەنجومەنی فتوای ئەوروپا کە بنکەکەیان لە وڵاتی تورکیایەو چەندین بابەت و زانیاری تر لەو بارەیەوە،ئەمە بێ لەتەفسیری ئاسان و ڕامان، خوای گەورە پاداشتی خێری هەموو لایەکیان بداتەوە، وەدڵنیاتان دەکەمەوە هەردوو ڕای جیاوازم خوێندۆتەوەو لەکۆتایی دا گەشتومەتە ئەم ئەنجامە، خوای گەورەش زاناترە.